# ئەی خەڵکینە، تەوبە بکەن وبگەڕێنەوە بۆ لای خوای گەورە وداوای لێخۆشبوونی لێبکەن، من لە ڕۆژێکدا سەد جار تەوبە دەکەم

لە ئەغەری کوڕی یەساری موزەنیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەی خەڵکینە، تەوبە بکەن وبگەڕێنەوە بۆ لای خوای گەورە وداوای لێخۆشبوونی لێبکەن، من لە ڕۆژێکدا سەد جار تەوبە دەکەم».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کە خوای گەورە گوناهەکانی پێشوو وداهاتووی خۆش بووە: فەرمان دەکات بە تەوبە وداوای لێخۆشبوون (ئیستیغفار کردن)، باسی خۆی دەکات کە لە ڕۆژێکدا زیاد لە سەد جار تەوبە دەکات وداوای لێخۆشبوون دەکات لە خوای گەورە؛ ئەمیش بە وتنی: (أستغفر الله وأتوب إليه)، وئامۆژگاری ئومەتەکەی دەکات بە ئەنجامدانی ئەم کردەوە چاکە، ئیستیغفار کردنی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- مانای ئەوە نیە کە گوناهی کردووە بەڵکو ئەمە نیشانەی کامڵی بەندایەتی پێغەمبەرە -صلى الله عليه وسلم- ویتەوی پەیوەندیەتی بە زیکر کردنی پەروەردگاری، ودانپێدانانە بە مەزنی مافی خوای گەورە وکەموکورتی بەندە ئەگەر هەرچەندە کردەوە بکات وسوپاسی خودا بکات، وئەم زیکر کردنەیش بۆ ڕێگەدان بە وتنیەتی وەکو ویردێک لە شەریعەتدا لە پاش خۆی، وجگە لەمەش لە حوکمەکانی تر.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4809

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee